نەتەوە یەکگرتووەکان: بەردەوامین لە پاڵپشتی کردنی عێراق

نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، بە مەبەستی پاراستنی ماف و سەلامەتی هاوڵاتیانی عێراق پابەند دەبن بە پاڵپشتی و پشتیوانیکردنی عێراق. دەشڵێت، " عێراق لەبەردەم هەژمونەکی خەراداییە بۆ گەشەکردن و دەستەبەری مافەکانی".

ئەمڕۆ شەممە، ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندنەکانی رابردوو عێراق لەبەردەم هەژموونەکی نوێی فراوانبوونی دەستەبەری مافەکانیدایە کە بۆ ئەو مەبەستەش چەندین هەنگاوی ناوە.

ئاماژەی بەوەش کرد،لە ئێستادا لە پێناو سەقامگیری و دەستەبەری ماف و ئاسایشی گەلی عێراق پابەند دەبن بە پشتیوانیکردن و پاڵپشتیکردنی عێراق و هەوڵەکانیشیان لەوبارەیەوە بەردەوام دەبێت.